# پیرۆزیی مەرگ لە شیعری «شەرابێک بۆ لەبیرچوونەوە»ی مەهدی زریان

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا



«مانیفێستەکانی پووچی» کتێبێکی شیعری شاعیر (مەهدی زریان)ە ، کە قەبارەکەی مامناوەندییەو لە ١٢٨ لاپەڕە پێکهاتووە،٣١ شیعری لەخۆگرتووەو لەبڵاوکراوەکانی لقی کەرکوکی (یەکێتی نووسەرانی کورد)ە ، بەشێک لە شیعرەکانی ساڵی ١٩٨٩ ـ ٢٠٠٢ ی شاعیری لەخۆگرتووە. لەڕاستیدا هەر شیعرێکی بۆ خۆی هەڵگری چەندین پەیامی فیکری و فەلسەفی قووڵە، دەکرێت چەندین خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت.

ئەگەر شیعر هەڵگری پەیامی بەرزی فیکریی و فەلسەفیی نەبێت، ئەوا ناچێتە نێو بازنەی شیعری باڵاو زیندووەوەو هەر بەمردوویی لەدایکدەبێت. دیارە بەگشتی ئەم کتێبە لەنێو

بازنەکانی فیکریی و فەلسەفەیەکی قووڵ و وردبوونەوە لە مەرگ و پووچگەرایی و نائومێدی و ژیان و خودی مرۆڤ و ...هتد، بەزمانێکی چڕی شیعرییانە دەدوێت و دەمانباتە نێو مەملەکەتە شاراوەکانی گەردوون.

دەمەوێت بەپێی تێگەیشتن و خوێندنەوەی خۆم قسە لەسەر یەکێ لە شیعرەکانی نێو ئەو کتێبە بکەم. من نامەوێت باسی زمان و فۆڕمی شیعرەکە بکەم، چونکە ئەوە کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم پیرۆزی مەرگە لەم شیعرەدا.

**«شەرابێک بۆ لەبیر چوونەوە»** شاعیر لەم شیعرەدا بەتەواوی ئاوێتەی پیرۆزی مەرگ بووەو دەیەوێت لەڕووی فەلسەفییەوە پێمان بڵێت مەرگ پیرۆزترین یاسایە مرۆڤەکان لەنێویدا بۆ هەمیشە ئاسوودەو یەکسان دەبن و دەکەونە ژێر پەردەی ئارامییەوە.

- هەر لەوەتەی مرۆڤ بوونی هەیە، مەرگیش بوونی هەیە، مەرگ ئەو نهێنییە ترسناکە بووە هەر لە چاخەکانی ڕابردوو و ئێستاشدا پانتاییەکی گەورەی هزری مرۆڤەکانی داگیرکردووە، تا ئەو ئاستەی بۆئەوەی نەمرێت هەوڵی خۆڕزگارکردنی لەمەرگداوەو لەدواییدا هەوڵ و کۆششەکانی بێ هوودەبووە، بەڵام بەپێچەوانەوە مەرگ لای مەهدی زریانی شاعیر ڕزگارکەرەو بەپیرۆزترین یاسای دادەنێت بۆ خودی مرۆڤ.

**مەرگ ..**
**ئەی پیرۆزترین یاسا**
**نێوانی ڕۆژگارە تاڵ و شیرینەکانمان بسڕەوە**
**با لەوە زیاتر**
**نەشتەرە کۆنەکانی خورافات نەمانبڕێت!**
**دیوارەکانی زەمان بەدەستی تۆ نەبێت**

**ناڕوخێت!**
**بیڕوخێنە..**
**بەرلەوەی بەسەر باڵای ئێمەدا بڕوخێت!**

ئەگەر سەرنج بدەین، شاعیر دەیەوێت لەم چەند دێڕە شیعرەدا ئەوەمان پێ بڵێت کە مەرگ پیرۆزترین یاسای سروشتە بۆ مرۆڤەکان بەگشتی. گومان لەوەدانییە بەدرێژایی مێژوو، مرۆڤەکان لە هەوڵی ئەوەدابوونە جۆرە یاسایەک بۆ خۆشبەختی لە ژیانیان بخوڵقێنن و پەیڕەوی بکەن کە دادپەروەری تێدابێت و لەبەردەمیدا بێ جیاوازی سەریربکرێن. بەڵام لای شاعیر هیچ یاسایەک هێندەی مەرگ دادپەروەری تێدانییە بەقەد ئەوەی مەرگ هەیەتی. ئەو بەربەستانەی کە مرۆڤەکان بۆ یەکتریان دروست کردووە لەڕوانگەی شاعیرەوە بەمەرگ نەبێت ناڕوخێن، بەڵکو ئەوە مەرگە ئەو دیوار و کۆسپانە بۆ هەمیشە تێکدەشکێنێ و کۆتایی بەهەموو ناخۆشییەکی ژیانی مرۆڤەکان دەهێنێت و لە ئامێزی مەرگدا ئارام دەبن.



**مەرگ لای مرۆڤ تاکو ئەم لەحزەیەش ترسێکی گەورەیە، بەڵام لێرەدا ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناحاڵیبوونەی مرۆڤ لە مەرگ، یاخود ئەو خوێندنەوە ترسناکانەی بۆ مەرگ کراوە، بەڵام ئەو لێرەدا تەفسیرێکی جیاوازی هەیە بۆ مەرگ ئەو ترسە بەتاڵ دەکاتەوە**

ـ جاری وا هەیە مرۆڤ بێئەوەی مەبەستی ئەنجامدانی تاوانێکی هەبێت لە نائاگاییەوە تووشی ئەنجامدانی تاوانێکی نەخوازراو دەبێت، یان تاوانێکی دەخرێتە پاڵ کە لەڕاستیدا ئەنجامی نەداوە، هەر بەم هۆیەوەش لەسزای تاوانەکە بۆ ئەبەد دەخرێتە زیندانەوە، دەکرێت لەڕوانگەی شاعیر، ژیانیش جۆرێک بێت لەزیندان، زیندانیش ئەو شوێنەیە کە بەتەواوی مرۆڤ ئازادییەکانی لەنێودا لەدەست دەدات و ڕووبەڕووی بێزاری و ڕەشبینی دەبێتەوە. خۆ ئەگەر بەڕاستیش تاوانەکەی ئەنجامدابێ تا دوا ساتەکانی تەمەنی چاوەڕوانی ئازادبوونە، بۆئەوەی لەم بێزارییەی ڕزگاری بێت، بەڵام چاوەڕوانی بێ هوودەیە، چونکە ئەو تاوانی بەرامبەر کەسێک ئەنجامداوە. زیندان لەڕووی دەروونییەوە بۆ مرۆڤ ئەو شوێنە تەنگ و وەڕسکەرەیە کە مرۆڤ بێزار دەکات. بابزانین شاعیر لەم بارەیەوە چی دەڵێ:

**کەرەمکەو**
**دەرگای قورسی زیندانەکان ..**
**لەڕووی ئەو زیندانییە ئەبەدییانە**
**بۆ هەمیشە بکەرەوە**
**کە بەسادەییەوە ..**
**کاتژمێرەکانیان دابە تۆ!!**

لەڕاستیدا ئەوە مەرگە لەو کاتەدا دەرگای قورسی زیندانەکان بۆ هەمیشە لەڕووی زیندانییەکان دەخاتە سەرپشت، لێرەدا مەرگ فریاد ڕەسی مرۆڤە لەهەرچی نائومێدی و شڵەژانی دەروونی و بێزاریی لەنێو چوار دیواری تاریکدا. دەکرێت خوێندنەوەی ئەوەشی بۆ بکرێت کە تەنیا زیندانییەکان ڕزگار ناکات، بەڵکو تەواوی مرۆڤەکان بەهۆی مەرگەوە لە ئازارەکانی چاوەڕوانی و نائومێدی و بێزارییەکانی ڕزگاری دەبێت.




**ئەگەر شیعر هەڵگری پەیامی بەرزی فیکریی و فەلسەفیی نەبێت،ئەوا ناچێتە نێو بازنەی شیعری باڵاو زیندووەوەو هەر بەمردوویی لەدایکدەبێت**

ـ کاتێ نائومێدی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، لەوانەیە هەوڵی خۆکوشتن بدات و بەهەر شێوەیەک بێت بیەوێ خۆی لەنائومێدی و ئەو ڕەشبینیەی تووشی بووە ڕزگار بکات، بەڵام شاعیر بەپێچەوانەوە لەچاوەڕوانی مەرگێکی سروشتیدایە، تاکو کۆتایی بەهەموو نائومێدی و بێزارییەکانی بهێنی. لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم دێڕە شیعرییانەی خوارەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر هانا بۆ مەرگ دەبات فریای بکەوێت و لەم چاوەڕوانییەی ڕزگار بکات، بۆئەوەی چیتر

لەچاوەڕوانیدا وەکو شووشە نەشکێت.

**فریامان کەوە فریا**
**با لەوە زیاتر**
**بەردە ئاشەکانی ئیشق و چاوەڕوانی**
**نەمانهاڕێت**
**ئێمە دەمێکە هەر وەکو شووشە**
**دەشکێین!**

ـ خۆپەرستی لەلای زۆرێک لە مرۆڤەکان بوونی هەیە، تا ئەو ئاستەی وا لە مرۆڤ دەکات هەمیشە خۆی لە کەسانی دەوروبەری خۆشتربوێت و ئازادییە کەسییەکانیشی بشێوێنێ و لێی داگیربکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی خۆی بەگەورەو ئەوانی تریش بەکۆیلەو ژێردەست دەزانێت. مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە ڕەوتی مرۆڤایەتی رووبەڕووی جۆرەها تاوانی کوشتن و بێ بەهاکردنی مرۆڤ بۆتەوە، تەنانەت جاری واهەبووە وەکو مرۆڤیش مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوەو تووشی زیندەبەچاڵکردنیش بۆتەوە. هەر بۆیە لەڕوانگەی شاعیرەوە مەرگ دەتوانێ کەسانی خۆپەرست تێکبشکێنی وخۆپەرستی مرۆڤەکان نەهێڵێ، لەهەمان کاتیشدا چەوساوەکان ڕزگاربکات. هەر وەکو لەم چەند دێڕەی خوارەوە دەڵێ:

**ئەی مەرگی پیرۆز دەستمان بگرە..**
**خۆپەرستی نایەڵێ هەناسە بدەین!**
**ئێمە کوا شایەنی..**
**ئەم هەمووو ئەزمووونە تاڵ و شیرینییە**
**بووین؟**

هەست بەوە دەکرێت کە تەنیا بەهۆی مەرگەوە کۆتایی بەخۆپەرستی مرۆڤەکان دێت، بەواتایەکی تریش مەرگ ئەو هێزە سروشتییەیە کە بەدەر لە ئیرادەی مرۆڤ دەتوانێ هەناسەکانی ژیانی هەموو مرۆڤێک لەناوبەرێت.

ـ با بزانین شاعیر لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوە چی دەڵێ:

**تۆ دەتوانیت..**
**دەرگاکانی ترسمان لەڕوو دابخەیت**
**پەنجەرەیەکی دڵنیاییمان..**
**بۆ هەمیشە پێ ببەخشیت!**
**بۆچی زوو پێمان نابەخشیت؟!**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، لە سەدەکانی بەڕایی مرۆڤەکان ترسێکی زۆریان لە کارەساتە سروشتی و ناسروشتییەکان هەبووە، چونکە هۆکاری کارەساتەکانیان بەشێوەیەکی زانستییانە بۆ لێکنەدەدرایەوە، مەرگیش لای مرۆڤ تاکو ئەم لەحزەیەش ترسێکی گەورەیە ،بەڵام لێرەدا ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناحاڵیبوونەی مرۆڤ لە مەرگ، یاخود ئەو خوێندنەوە ترسناکانەی بۆ مەرگ کراوە، بەڵام ئەو لێرەدا تەفسیرێکی جیاوازی هەیە بۆ مەرگ ئەو ترسە بەتاڵ دەکاتەوە. زیاتر ئەو ترسانەش هۆکار بوونە بۆئەوەی مرۆڤەکان لەناخی خۆیاندا هێزێکی گەورەی خەیاڵی دروست بکەن و لەکاتی تەنگانەدا بتوانن سوودی لێ وەربگرن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕوویان دەبۆوە، ئەو هێزەش لە لایەنی ڕۆحییەوە بووە. دیارە لەڕوانگەی (مەهدی زریان)ەوە تەنیا بەمەرگ مرۆڤ لەترس بەدوور دەبێت، چونکە کەم و زۆر مرۆڤەکان ترسیان لە هەندێ شتەکانی دەوروبەریان دەبێت، بۆیە لە مەرگ دەخوازێت بەمەبەستی دڵنیایی، بۆ هەمیشە پەنجەرەیەکی پێ ببەخشی. ئەو پەنجەرەیەی کە شاعیر باسی لێوە دەکات، ئەوە خودی مەرگ خۆیەتی. وا هەست

دەکرێت لای شاعیر مرۆڤەکان دوای مردنیان بۆ هەمیشە ئارام دەبن، کە ئەمەش فەلسەفەیەکی قووڵ لە پشت ئەم قسەیەوە هەیە، بەم مانایە دێت کاتێ مرۆڤەکان دەمرن ئیدی بوونیان نامێنی و هەر شتێکیش ئەگەر بوونی نەبوو، ئەوا ترسی لە کوێ بوو؟!

**بەدرێژایی مێژوو، مرۆڤەکان لە هەوڵی ئەوەدابوونە جۆرە یاسایەک بۆ خۆشبەختیی لە ژیانیان بخوڵقێنن و**

**پەیڕەوی بکەن کە دادپەروەری تێدابێت و لەبەردەمیدا بێ جیاوازی سەیربکرێن، بەڵام لای شاعیر هیچ یاسایەک هێندەی مەرگ دادپەروەریی تێدانییە بەقەد ئەوەی مەرگ هەیەتی**

ـ هەر لەم شیعرەدا شاعیر مەرگ بە شەراب دەشوبهێنێت، کاتی مرۆڤ مادده هۆشبەرەکانی وەکو شەراب دەخواتەوە، ئەوا هۆشی خۆی لەدەست دەداو ڕوودەچێتە نێو دونیای بی ئاگاییەوە، شاعیر هەر لەخۆیەوە شەرابی لەم شیعرەدا بەکار نەهێناوە، بەڵکو ئەو ڕاستییەی باش زانیوە شەرابیش سیفەتی مەرگی هەیە، کاتی دەخورێتەوە کەسەکە بێ ئاگا دەکا، هەرکە مرۆڤیش دەمرێت ئاگایی خۆی لەدەست دەدات.

**تکایە..**
**شەرابێکمان بۆ لە بیرچوونەوە دەرخوارد دە**
**یادگاریە پووچەکان پارچە پارچەیان کردین!**

ـ شاعیر لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا، داوا لە مەرگ دەکات مرۆڤەکان ئاوێتەی سروشت بکات و هەناسەکانی مرۆڤ پڕ بکات لە بۆنی پیرۆزی خاک و دەستە خوێناویەکانیش پڕ بکات لەبێدەنگی و بەرائەت و خۆشەویستی. لێرەدا دەیەوێت بڵێت کاتێ مرۆڤ دەمرێت ئیدی لە هەندێ ڕەفتاری پیسی پێشووی پاکدەبێتەوە، بەمانای ئەوەی ڕۆحی لەبەردا نامێنی و ئیتر توانای ئەنجامدانی هیچ کردارێکی خراپی نامێنێ و لاشەی تێکەڵاوی گژوگیا دەبێت. هەر لەهەمان کۆپلەشدا مەرگمان وەکو ئافرەتێکی میهرەبان پێدەناسێنێ کە وەکو منداڵ لەنێو سکیدا بێ ئاگادەبین و هەرلەوێ لەنێو سکیدا بۆ هەمیشە ئارام دەبین.

**فریامان کەوە فریا**
**هەناسەکانمان..**
**پڕ بکە لەبۆنی پیرۆزی تەرمی خاک**
**دەستە خوێناویەکانمان..**
**پڕ بکە لەبێدەنگی و بەرائەت**
**لاشەمان پڕ بکە لە ڕیشەی گژ و گیا!!**
**تۆ میهرەبانترین ئافرەتی..**
**تەنیا لە ئامێزی تۆدا**
**دەتوانین پشوویەک بدەین بۆ هەمیشە**
**فریامان کەوە**
**فریا..**

ـ بەگشتی شاعیر لەم شیعرەدا، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە باس لەودیوی بینراوەکان دەکات و بەگژ هەموو نابەرامبەرییەکانی وجوددا دەچێتەوە، هەرکە مرۆڤ نائومێد دەبێت لەوەێ جوانییەکان لەژیاندا بدۆزێتەوە، جیهانی جوان لەودیوی ژیان دروست دەکات کە یەکسانیی و ئاسوودەیی تێدایە بۆ مرۆڤەکان، ئەو مەرگەی کە هەردەم مرۆڤ لێی ترساوە، ئەو دەیکاتە ئەو ئارامییەی کە دەبوو خودی ژیان وابێت.